نابێت هیچ کەسێک بکرێت بە کۆیلەو بە نۆکەر بگیرێت و هەموو چەشنە کۆیلەیەتی و بازرگانی کۆیلەیەتی قەدەغەیە
بەندی (٩) جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ

# سایکۆلۆژیای ململانێ لەناو کۆمەڵگادا

**هەر لەو کاتەوەی کە ئادەمیزاد لەسەر ئەم زەمینە خولقاو یەکەمجاریش ژیان و یەکتر ناسین لەنێوان مرۆڤەکاندا دروست بوو، لەو ساکەوە و هەر لە قۆناغی یەکەمی بەڕێوەچوونی ئەم پرۆسەیە ململانێ لە نێوانی تاکەکاندا سەریهەڵدا، ئەویش دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەشە دروست بوونەی مرۆڤ کە بوونەوەرێکی خۆپەرستبووە و هەر زوو حەزی لە ململانێکردن بووە لەگەڵ یەکتری.**



دالیا دەشتی دزەیی

ئەم دیاردەی ململانێیەش جۆری زۆر بەخۆوە دەبینێ و هەر یەکێکیش لە ئێمە ڕووبەڕووی دەبینەوە و لە خەڵکانی دیکەشەوە دەبینین.

ئەمەش بەشێکە لەکاری پاوانکاری فیکر و دەسەڵات کە زۆرجار لەناخی مرۆڤ دروست دەبێ بەتایبەت کاتێ بیرۆکە و ئارەزووەکانی بەرەو جیاوازکاری دەچێت و جۆرە ناکۆکیەک لە نێوانی هزری ئەو کەسەدا ڕوودەدات، لە ئەنجامیشدا دەبێتە هۆکارێک بۆ یەکتر نەگرتنەوەی بیرکردنەوەکانی خودی مرۆڤ و ئەم ململانێیەش زیاتر لە نێوانی هزری خودی تاکدا



دروست دەبێت. ڕەنگە زۆرجار لە تێڕوانینی خۆمانەوە ئارەزووەکانمان بۆ شتێک دەچێت و خولیای دەبین کە بەدیهێنانی ئەو ئارەزووەش لە ئەنجامی لەباربردنی کۆمەڵێک حەز و ئارەزووی تر دەبێت و هەموویشیان بۆ مرۆڤ پێویستن...

بەڵام ئەم جۆرە ململانێیە مرۆڤ توشی دڵە ڕاوکێ و خەمۆکی و هەڵچوونی دەروونی دەکات، چونکە جۆرە پێکدادانێک لە نێوان هزری مرۆڤدا دروست دەبێ لە ئەنجامی دوو حەزی دژ بە یەکتری، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ ناتوانێ واز لە هیچ کام لە حەز و ئارەزووەکانی بهێنێت، ئەمەشیان ئەگەر بەزوویی هەوڵی چارەسەرییەکانی نەدرێ و ئەم ململانێیە بەردەوام بێت ئەگەری شێت بوون و دروست بوونی کۆمەڵە نەخۆشییەکی دەروونی لەگەڵ بوون و هزری مرۆڤەکە ئاشنا دەبن و لەدواجاریش ڕووخانێکی گەورە لە ژیانی مرۆڤەکە ڕوودەدات...

جۆرێکی تر لە ململانێی کەسایەتی هەیە کە زۆرجار دەگاتە قۆناغێکی زۆر دژواری دژایەتی کردنی یەکتری بەبێ هیچ هۆکار و بنەمایەک، تەنها ئامانجیش لەم خولقاندنە ئەوە کە تاکێک دەیەوێ تاکی بەرامبەری لەناو ببات و لایەنێکیان لایەنەکەی تریان بڕوخێنێت...

ئەمەش زێتر ئەوە دەگرێتەوە کە هەموو دەمێ لە سیفاتی مرۆڤدا هەیە ئەویش ململانێی خۆ دەرخستن و ئارەزووی دەسەڵات و نەخۆشی سەروەت و سامان... هەندێجاریش ململانێی نەتەوەیی یا مەزهەبی یا تایفەگەری یان سیاسی ئەم ڕەوشە دەخولقێنن و لەهەموو کۆمەڵگاکانی جیهانیش بەدیدەکرێ و لە هەموو حاڵەتەکانیشدا لایەنەکانی بەشدار بوو لەم ململانێیە هەریەکە و شانازی بەخۆیەوە دەکات و لە دواجاریشدا کە هەموو دەرگاکانی دیالۆگ دادەخەن پەنا دەبەنە بەرکاری توندوتیژی و شەڕ و جەنگی خوێناوی دروست دەبێ و ئەمەش قەت کەس تیایدا سەرناکەوێ و ئەوەی دەبێتە قوربانی مرۆڤەکەیە... کەواتە دەکرێ بوترێ ئەنجامی هەموو ململانێیەک زیاتر دواکەوتنی کۆمەڵگا وماڵوێرانی مرۆڤ و سڕینەوەی ئاکارە جوانەکانی مرۆڤە.

